# یادی کۆچی دوایی مامۆستای زانستگای سەلاحەددین عەبدولقادر فەرهادی

د. مارف خەزنەدار

«چوارده ساڵ لە مەوبەر، ڕێک لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥ کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی یادگاری بۆ یادی چل ڕۆژەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو عەبدولقادر فەرهادی ڕێک خست. لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری کۆمەڵەی ئەکادیمیان لەلایەن دکتۆر (مارف خەزنەدار)ەوە پێشکێش کرا، بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە و بۆ مێژوو ئەو وتارەی ئەوسا خوێنرایەوە بۆ یەکەم جار وەک خۆی بڵاودەکەینەوە».

**«ڕامان»**

بەڕێزان کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی عەبدولقادر فەرهادی!

چل ڕۆژ لەمەوبەر، برادەرێکی خۆشەویستمان لە پڕ ون بوو، کارەساتێکی گیانیی لە دەروونی خزم و کەسوکار و دۆستانی کڵپەی سەند. زانستی کۆستی کەوت، کۆلێجی ئەدەبیات ماتەم باڵی بەسەریدا کێشا، بەشی زمانی ئینگلیزی بە مردنی کوڕێکی ژیر و دڵسۆز و خۆشەویست، سەراسیمە و پەرێشان بوو.

کاس بووین بەهۆی کۆچی دوایی عەبدولقادر فەرهادییەوە کە لە شەپازللەی دێوی ڕەشی دەکرد، لە مستەکۆڵەی عفریت دەچوو، شوێنەواری نینۆک و ددانی دڕندەی پێوە دیار بوو.

عەبدولقادر فەرهادی ڕۆشنبیر، لە بنەماڵەیەکی زانستی پەروەر و نیشتمانی دیاری شاری هەولێر بوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا هەندێ خوێندەوار و ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیاریان لێ کەوتەوە، عەبدولقادر فەرهادی پڕ



**عەبدولقادر فەرهادی**

جموجووڵ، کەسێکی بەکاربوو، لە ڕێگەی گوزەران و نان پەیداکردنەوە پلەی خوێندەواری خۆی بەرز دەکردەوە، بەدەم ئیش و کاری ژیانەوە لە زانستی و زانیاری دەگەڕا، لە خوێندن تێر نەدەبوو،، نەیدەویست تەنیا مامۆستا بێ، بەڵکو هەمیشە بەبێ ژیانی قوتابیەتی هەڵی نەدەکرد. داخی گرانمان، لە ڕێگا بوو، هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغ پەتی ژیانی پچڕا. چەندە نەنگە، مخابنە، پیاو توانای ئەوەی هەبێ بگاتە ئەنجام، بەڵام چەرخی چەپگەرد تەگەرە بخاتە بەردەمی، نەوەکو تەنیا نەیەڵێ بگاتە ئەنجام، بەڵکو کۆتاییش بە ژیانی بهێنێ.

عەبدولقادر فەرهادی مامۆستا ڕۆڵەیەکی پڕ سۆز و دڵسۆزی دەسگا زانستییەکەی خۆی بوو. پێش هەموو کەسێک دەچووە پۆلەوە، پاش هەموو کەسێک دەهاتە دەرەوە. هاوڕێ و ڕێبەری قوتابیان بوو، دەستی دەگرتن، گرانی بۆ ئاسان دەکردن، ڕێی ڕاستی پێ پیشان دەدان، بەڵام داخی گرانمان بەرانبەر بەم هەموو دڵسۆزییە زانستگا نائومێدی کرد. لەم دواییەدا مەسەلەی خوێندنی دوکتۆرا لەلای خودا لێخۆشبوو بوو بە ماخولیا، کارێکی کوشندەی لە دەروونی کردبوو، گرێیەکی سایکۆلۆجی لە مێشک و دەمارەکانی لەشی دروست کردبوو. ئەم خوێندنە پێویستی بە ماڵ و دەرامەت هەبوو، ئەمە بۆ ئەو زۆر بوو، بەڵام بۆ زانستگا زۆر کەم بوو، ڕێی بۆ خۆش نەکرا.

عەبدولقادر فەرهادی پڕ جموجووڵ، لەناو ئەو کۆمەڵە مامۆستایانەی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستانیان دامەزراند، کەسێکی بەکاربوو. لە ڕۆژگاری ئەم دواییەدا و لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا بۆشاییەکی دیار لە ژیانی تایبەتی و زانستی مامۆستایانی زانستگا هەبوو، لەناو گۆڕەپانی حزبایەتی پۆلیتیک و دیپلۆماسیەتی وەدەست هێنانی چاکە و بەرژەوەندی لایەنێک، مامۆستایانی زانستگا لەبیر کرابوون. بەلای ئێمەوە ئەم کەرتە ڕۆشنبیرە گرنگەی کۆمەڵ نەک تەنیا نابێ پشتگوێ بخرێن، بەڵکو پێویستە بەشداری لە دامەزراندن و بەڕێوەبردندا بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە تاقمێکی سەربەخۆ و بێ لایەن و دوور لە حزبایەتی و نزیک لە زانست و زانیاری و کوردایەتی قۆڵیان لێ هەڵماڵی و ڕێکخراوی «کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان»یان دروست کرد. خوالێخۆشبوو عەبدولقادر فەرهادی یەکێک بوو لە دامەزرێنەران، نەک کەسێکی ئاسایی، بەڵکو ئەندامێکی کارا و بەکار. مامۆستای خۆشەویستمان لە ڕێزدا بوو تا کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان هەموو کاروبارێکی ڕەسمی جێبەجێ کرد و وەک ڕێکخراوێکی بێ لایەن و سەربەخۆ کەوتە ناوەوە.

بە هەشتی عەبدولقادر فەرهادی تا دوا هەناسەی لەگەڵ ئێمەدا بوو، بەڵام داخی گرانمان بە هیوا و ئامانجەکانی شاد نەبوو، چاوی بەو کۆمەڵەیە نەکەوت وەکو ئێمە چاومان پێی دەکەوێ. زۆرجاریش ئێمە دڵی یەکترمان بەوە خۆش دەکرد کە دەمانگوت: با کۆمەڵەی ئەکادیمیان لەسەر پێ بوەستێ، ئەوکاتە پێویستیمان بە یارمەتی کەس نابێ. کۆمەڵە ڕۆڵەی خۆشەویستی خۆی عەبدولقادر فەرهادی دەنێرێ بۆ تەواوکردنی خوێندنی لە دەرەوەی وڵات، کەچی هیوای ئێمە و خوالێخۆشبوو چووە ژێر گڵەوە.

ئێمەی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و کەسوکار و هاوڕێ و دۆست و برادەرانی دەکەین.

یادی پیرۆزی لەناو دڵ و دەروونمان دایە.

بەهەشتی بەرین مەڵبەندی هەمیشەیی هاوڕێی خۆشەویستمان عەبدولقادر فەرهادی بێ.

**هەولێر: هۆڵی میدیا ١٩٩٥/١٠/٥**